گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پرەنسیپی بەشداری گشتی و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور
# ( توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە )

**پرۆفیسۆر دکتۆر سرهنگ حمید بەرزنجی**
**کۆلێژی یاسا /زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر**
اسماعیل عزیز رحیم
**کۆلێژی یاسا /زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر**

**زانیاری توێژینەوەکە**

وەرگرتن : ٢٠١٩/٩/٨
پەسەند کردن : ٢٠١٩/١٠/١٤
بڵاوکردنەوە: پایزی ٢٠١٩
Doi : 10.25212/lfu.qzj.4.4.2

**وشە سەرەکییەکان:**

***the Constitution***
***Democracy***
***Peace***
***Participate***
***Transparency***

## پـوختـە

پرۆسەی بنیادنانی دەستور بە چەندین قۆناغی جیاواز تێپەڕ بووە، بە جۆرێك لە سەرەتادا دەستور لە شێوەی بەخشین و تاك لایەنە و بە تەنها لە لایەن فەرمانڕەواکان دادەنرا، کەچی بۆ چەندین دەیە و لە سەر ئاستی جیهان بنیادنانی دەستور پرۆسەیەکی بژاردەیی بووە و لە لایەن بژاردەیەکی سیاسی ئەنجام دەدرا .

بەڵام لە سەردەمی ئێستادا و لە کاتێکدا بنیادنانی دەستور بووەتە بەشێك لە گۆڕانکاری بە ئاڕاستەی دیموکراتییەت و خودی بەڵگەنامەی دەستور بووەتە بەشێك لە پرۆسەی ئاشتی لە کۆمەڵگاکان، پرەنسیپی بەشداری گشتی و شەفافییەت، بوونەتە بەردی بناغەی بنیادنانی دەستورەکان کە لە لایەك گەرەنتی سەرکەوتنی خودی پرۆسە دەستورییەکە دەکات و لە لایەکی دیکەش هاوسەنگی لە نێوان یەکێتی نیشتمان و تایبەتمەندی پێکهاتە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی نێو کومەڵگاکە دەستەبەر دەکات .

هەر بۆیە پرۆسەی بنیادنانی دەستور لە ڕوانگەی گرنگی پێدان جگە لە ڕەهەندی نیشتمانی، ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە کە خۆی دەبینێتەوە لە بەشداری کردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە بە قۆناغی ناکۆکی یان قۆناغی دوای ناکۆکی تێپەڕ دەبن و ئەم بەشدارییە نێودەوڵەتییەش بووەتە بەشێکی دیکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بەرجەستەکردنی پرەنسیپی بەشداری گشتی و شەفافییەت لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستورە نیشتمانییەکان .

## پێشەکی

لە سەردەمی ئێستادا ئاڕاستەی گشتی نوێ لە بارەی پڕۆسەی بنیادنانی دەستور جەخت لە سەر فراوانکردنی چوارچێوەی بەشداری کردنی گەل و شەفافییەت لەو پڕۆسەیە دەکاتەوە و پێی وایە، ئەمەش تەنها لە میانەی پەیڕەوکردنی یەکێك لە شێوازە دیموکراتییەکانی دانانی بەڵگەنامەی دەستوری نیشتمانی دەستەبەر نابێت، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی هاندان بۆ بەشداری کردنی گەل لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستورەکە بەرجەستە دەبێت و ئەم ئاڕاستەیەش لە تێڕوانین، قۆناغێکی تازە دێنێتە ئاراوە کە بریتییە لە دەستورییەتی نوێ ( New Conistitutionalism ) . لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانەی لە بوارەکانی دیموکراتییەت و مافەکانی مرۆڤ و ڕەنگدانەوەیان بە سەر بوارە جیاوازەکانی یاسای دەستوری هاتوەتە کایە ، وای کردووە دانانی دەستور بە تەنها مافێکی تەواوەتی نەبێت بۆ فەرمانڕەواکان یان پڕۆسەیەکی تایبەتمەند نەبێت بە تەنها بۆ پەرلەمان، بۆ کۆمەڵە دامەزرێنەرەکان، بۆ شارەزایانی بواری یاسای دەستوری، یاخود بۆ دەوڵەت، بەڵکو بەشداری هەمە لایەنە و شەفافییەت لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور، بوەتە ڕاستییەك کە نەك تەنها یەکێکە لە مەبەستە سەرەکییەکانی مافە دیموکراتییەکانی گەل، بەڵکو مافێکی نێودەوڵەتییە کە یاسای نێودەوڵەتی بڕیاری لە سەر داوە و تەنانەت لە ئێستادا بوەتە مافێکی ئەخلاقی لە سەر هەریەك لە هاووڵاتییان و فەرمانڕەواکان کە پێویستە پێوەی پابەند بن.

**گرنگی توێژینەوەکە :**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە بایەخی پرۆسەی بنیادنانی دەستور و شێوازی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیە، هیچ لە ناوەڕۆکی خودی دەستور کەمتر نییە . هەر بۆیە بەشداری و شەفافییەت لە دانانی دەستور، نەك تەنها ڕەوایەتییەکی گەورە بە ناوەڕۆکی دەستورەکە دەبەخشێت، بەڵکو فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ جێگیرکردنی ئاشتی و ئارامی لە کۆمەڵگاکان و بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە فرە پێکهاتەن، ڕۆڵێکی بەرچاو و کارای هەیە بۆ بەخشینی سیفەتی خاوەندارێتی نیشتمانی بە دەستورەکە و هێنانەکایەی یەك ناسنامەی نیشتمانی هاوبەش لە چوارچێوەی دەوڵەتەکە .

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

مەبەست لەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیشك خستنە سەر بابەتێکی گرنگی ژیانی دەستوری لە سەردەمی ئێستادا کە ئەویش بریتییە لە بەشداری و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور . هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە جۆرەکانی بەشداری گشتی و ئامرازەکانی شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور دەخاتە بەر باس کردن .

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە :**

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی، ئایا بەشداری و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور توانیویانە ببنە هۆی جێگیرکردنی پایەکانی دیموکراتییەت و بەرقەرارکردنی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە؟ ئایا بەشداری و شەفافییەت توانیویانە هاوسەنگی ڕابگرن لە نێوان تایبەتمەندی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و یەکپارچەیی خاك و نیشتیمان وەك ڕایەڵێك لە ڕایەڵەکانی دەوڵەت ؟ ئایا توانیویانە مۆرکی خاوەندارێتی نیشتمانی بە بەڵگەنامەی دەستور ببەخشن؟

**گریمانەی توێژینەوەکە :**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەو پێیەی گریمانە وەلآمێکی چاوەڕوانکراوە بۆ پرسیارەکانی توێژینەوە، بۆیە گریمانەی ئەوە دەکەین، بەشداری گشتی و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور و بەرفراوانکردنی بازنەی بەشداری و شەفافییەت لە بنیادنانی دەستور، تاوەکو ئاستێکی باش دەبنە هۆی جێگیرکردنی دیموکراتییەت و چارەسەرکردنی زۆرێك لە ململانێ و ناکۆکییە نێوخۆییەکان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا

**میتۆد و پێکهاتەی توێژینەوەکە :**

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی بەراوردکاری دەبەستین و بە شێوەیەکی سەرەکی بەراورد لە نێوان ئەزمونی بنیادنانی دەستور لە هەریەك لە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005 و دەستوری کۆماری ئەفریقیای باشور ساڵی 1996 دەکەین . ئەمە وێڕای تیشك خستنە سەر ئەزمونی دەستوری لە هەندێك وولآتی دیکە بە پێی پێویست لە چەند شوێنێکی توێژینەوەکەدا . هەروەها لە ڕووی پێکهاتە، توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو باس، جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و پێشنیازەکان، بەم شێوەی خوارەوە :

**باسی یەکەم** – تایبەتە بە پرەنسیپی بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور و ئەم باسە دابەشی سەر سێ تەوەر کراوە کە ئەوانیش بریتیین لە، تەوەری یەکەم : بەشداری هاووڵآتییان لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، تەوەری دووەم : بەشداری پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، تەوەری سێیەم : بەشداری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور .

**باسی دووەم** – تەرخان کراوە بۆ شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور و ئەم باسەش دوو تەوەر لە خۆ دەگرێت کە ئەوانیش بریتیین لە، تەوەری یەکەم : ئاسانی لە گەیشتن بە پرۆسەی دەستوری، تەوەری دووەم : هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوە لە قۆناغی بنیادنانی دەستور .

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی یەکەم

## پرەنسیپی بەشداری گشتی لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور

شێوازەکانی بەشداری لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور* جیاواز و جۆراوجۆرە و هەندێك جار ئەم بەشداری کردنە خۆی دەبینێتەوە لە دەنگدان لە سەر لێژنەی دەستوری و هەڵبژاردنی یان ئەوەی بە ڕێگەی پەسەندکردنی دەستورەکە لە ڕاپرسی دەبێت، یانیش لە زۆرێك لە دەوڵەتان بەشداری کردن لە بنیادنانی دەستور بە ڕێگەی بەشداری هاووڵاتییان لە گفتوگۆیەکی دەستوری کراوە و ئامادەکردنی خشتەیەکی کاتی بۆ دەستور و گفتوگۆکردن لە بارەی ناوەڕۆکەکەی و پاشان پەسەند کردنی پرۆژەی دەستورەکە دەبێت .

ئەمە لە کاتێکدا مافی بەشداری گشتی لە بنیادنان و داڕشتنی دەستور یەکێکە لە مەبەستە گشتییەکانی چەمکی بەشداری دیموکراسی و بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەی ( أ ) لە مادەی ( 21 ) ی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی ساڵی 1948 کە تیایدا هاتووە : " هەموو تاکێك مافی بەشداری کردنی لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی ووڵاتەکەی هەیە " . هەروەها ئەمە دیسان لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسییەکانی ساڵی 1966 لە بڕگەی یەکەم لە مادەی ( 25 ) هاتووە کە دەڵێت : " هەموو هاووڵاتییەك بۆی هەیە بە بێ هیچ جۆرە جیاکارییەك، بەشداری بکات لە کاروباری گشتی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان بە ڕێگەی نوێنەرەکانیان کە هەڵیدەبژێرن " .

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە، لە میانەی سێ تەوەر ئاماژە بە پرەنسیپی بەشداری گشتی لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور دەکەین ، لە تەوەری یەکەم باس لە بەشداری هاووڵاتییان لە بنیادنانی دەستور دەکەین و تەوەری دووەم تەرخان دەکەین بۆ بەشداری پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی لەو پڕۆسەیە، لە کاتێکدا لە تەوەری سێیەم تیشك دەخەینە سەر بەشداری نێودەوڵەتی لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور.

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەری یەکەم – بەشداری هاووڵاتییان لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور*

بە گشتی لە بارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی پڕۆسەی دانانی دەستور، سێ ئاڕاستەی سەرەکی هەیە و هەندێك پێیان وایە ئەم ئەرکە بە دەستەیەکی شارەزا بسپێردرێت، لە کاتێکدا هەندێك بۆچوونیان وایە باشترە ئەم ئەرکە بدرێتە دەست نوێنەرانی گەل کە بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن و هەندێکی دیکەش بانگەشە بۆ بەشداری ڕاستەوخۆ و بەرفراوانی هاووڵاتییان لە هەموو قۆناغەکانی داڕشتنی دەستورەکە دەکەن . هەرچەندە ئەم بۆچوونانە دژ بە یەك نین و دەکرێت لە بنیادنانی دەستور بۆ دوورخستنەوەی خاڵە لاوازەکان و سود وەرگرتن لە لایەنە باشەکانی هەر یەك لەوان، لە کۆی هەموویان شێوەیەکی تۆکمە پەیڕەو بکرێت . هەر بۆیە جۆراوجۆری و فرەیی لە ئاڕاستەکانی پەیوەست بە شێوازی بەشداری گشتی لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور، کاریگەرییەکی گەورەی نەبووە لە سەر خودی پڕۆسەکە . بە جۆرێك لە بواری کردەیی تەنها فۆرمێکی دیاریکراو بۆ بەشداری کردنی هاووڵاتییان نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە پڕۆسەی بەشداری کردنەکە بنیادنرابێت لە سەر نوێنەرایەتی کردن و ڕاوێژکردن و پەسەندکردنی گەل، بە جۆرێك کە گەل ڕۆڵێکی کارای لە سەرتاپای پڕۆسەکەدا هەبێت .

مەبەست لە بەشداری گشتی هاووڵاتییان لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور، واتە بەخشینی دەرفەت پێیان بۆ گوزارشت کردن لە ڕاوبۆچوونەکانیان لە بارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور و خودی ناوەڕۆکی دەستورەکە، بە جۆرێك هاووڵاتییان بتوانن بەشدار بن لە دروستکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە بارەی پڕۆسە دەستورییەکە دەدرێن . هەر بۆیە مەبەست لە بەشداری گشتی واتە، توانای هاووڵاتییان لە دەستپێشخەری بۆ پەسەندکردنی بابەتە دەستورییەکان و دروستکردنی گوشار لە سەر ئەو دەزگایانەی کە بنیادنەری دەستورەکەن و ڕاوێژکردن لە گەڵیان لە بارەی ئەو بابەتانەی کە هاووڵاتییان دەخوازن لە دەستورەکە جێگیر بکرێت . ئەمە لە کاتێکدا مەبەست لەم بەشداری کردنە بریتییە لە بەشداری بەرفراوان و ڕاستەوخۆ لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی دانانی دەستور،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە جۆرێك ئەو بەشداری کردنە بتوانێت ڕێگە خۆش بکات بۆ کاریگەری خستنە سەر خاوەن بڕیارەکان و هەروەها بۆ کاریگەری خستنە سەر بەرهەمی کۆتایی پڕۆسەکە، کە ئەویش خودی دەستورەکەیە .

به پێچەوانەی ئەم ئاڕاستەیە هەندێك لە دەوڵەتان بەشداری گشتی لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور کورت دەکەنەوە لە قۆناغی کۆتایی پڕۆسەی دەستوری ( قۆناغی ڕاپرسی ) ئەویش دوای کۆتایی هێنان بە پڕۆژەی دەستورەکە و بە تێڕوانینی ئێمە، هەرچەندە ئەمە وا دەکات پڕۆسەکە خێراتر و کەم خەرجیتر بێت، بەلآم لە بەرامبەردا کەمتر دیموکراتییە و لە هەمان کاتیشدا کاریگەری بەشداری کردنەکە کەمترە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك جار هەستێکی وا لە لای هاووڵآتییان دروست ببێت کە پڕۆژەی دەستورەکە ڕەنگدانەوەی خواست و ویستی ئەوان نییە و بابەتەکانی جێگەی بایەخی ئەوان لە خۆ ناگرێت . ئەمە لە کاتێکدا دانەرانی پڕۆژەی دەستورەکە لە دوای دارِشتنی، کەمتر ئامادەییان تێدایە بۆ گۆڕانکاری کردن لەو پڕۆژەیەی کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ گفتوگۆیان لە بارەوە کردووە .

هەر بۆیە هاوتەریب لە گەڵ ئاڕاستەی جێگیر لە سەردەمی ئێستا لە بارەی پڕۆسەی بنیادنانی دەستور، بە تێڕوانینی ئێمە بەشداری گشتی و بەرفراوانی نیشتمانی لەو پڕۆسەیە، دەبێتە هۆی بەخشینی پلەیەکی بەرزتر لە ڕەوایەتی سیاسی بە دەستور و بەهێز کردنی یەکێتی نیشتمانی و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ناسنامەی نیشتمانی و ناسنامەی هەرێمەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی ( نەتەوەیی – ئایینی – زمانەوانی و ئەوانی دیکە ) لە کۆمەڵگاکان . ئەمە لە کاتێکدا بەشداری گشتی لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور لەو کۆمەڵگایانەی کە بە قۆناغی ناکۆکی یان قۆناغی دوای ناکۆکی تێپەڕ دەبن، دەرفەتی ئاشتەوایی بۆ ئەو گروپانە دەرەخسێنێت کە ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە .

هەر بۆیە دەستوری دیموکراتی بە تەنها ئەو دەستورە نییە سیستەمێکی دیموکراتی بنیاد بنێت، بەڵکو بە هەمان شێوە پێویستە میکانیزمی دیموکراتی لە خۆ گرتبێت بۆ بەشداری

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردنی تاکەکان تیایدا، لە بەر ئەوەی لەم دەیانەی ڕابردوو ئەزمونی داڕشتنی دەستورەکان لە سەر ئاستی جیهان گەواهی دەدات لە سەر ڕۆڵی پرەنسیپی بەشداری گەل لە سەرخستنی پرۆسەی بنیادنانی دەستورەکان .

هەر لەم سۆنگەیەشەوە، سەبارەت بە ڕەچاو کردنی پرەنسیپی بەشداری هاووڵاتییان لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، لە دەستورە نوێیەکانی ئەم سەردەمە، لە کۆماری ئەفریقیای باشور لە دەستپێکی پرۆسەی دەستوری ساڵی 1996، ڕێبەرانی کۆمەڵەی دامەزرێنەر ئەوەیان ڕاگەیاند، دەخوازن لەو پرۆسە دەستورییە، گەل بەشدار بێت و ڕاوێژ بە تاکەکانی گەل بکەن . لەم پێناوەشدا دەستەی ڕێکخستنی کارگێڕی سەر بە کۆمەڵەی دامەزرێنەر لە ئەفریقیای باشور، هەڵسا بە دامەزراندنی فەرمانگەیەك بە ناوی فەرمانگەی پەیوەندی کردن بە کۆمەڵگا، ئەمەش بۆ پەیوەندی کردن و بەشداری پێکردنی هاووڵاتییان لەو پرۆسە دەستورییە و لە ماوەی داڕشتنی پلان بۆ پرۆسەی بەشداری پێکردنی هاووڵاتییان و چۆنیەتی و شێوازی ئەو بەشداری پێکردنە کە ماوەی چوار مانگی خایاند، جەخت لە سەر پەیوەندی کردن بە زۆرترین ژمارەی هاووڵاتییان کرایەوە، بە جۆرێك هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە . بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانگەی پەیوەندی کردن بە کۆمەڵگا لە ماوەی بەرێوەچوونی پرۆسەی دەستوری، بە ئامادەبوونی نوێنەری پارتە سیاسییەکانی ئەندام لەو کۆمەڵەیە، لە سەر ئاستی هەموو پارێزگاکان هەڵسان بە ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبونەوە . هەر بەم هۆیەشەوە بۆ یەکەمجار گروپە نەیار و دژ بە یەکەکانی پێشوو، بە ئارامی بۆ گفتوگۆ کردنی بابەتە دەستورییەکان پێکەوە دادەنیشتن و ئەو پرۆسەیە بۆ یەکەم جار بووە هۆی بەشداری کردنی ڕەش پێستەکانی ئەفریقیای باشور لە پرۆسەی سیاسی، بە جۆرێك لە پێشوودا ئەمە هاوشێوەی نەبووە و دۆخی لەم چەشنە بەدی نەکراوە .

هەروەها سەبارەت بە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005، لە ڕاستییدا پرۆسەی نووسینەوەی دەستور لە ڕوانگەی تیۆری، دەرفەتێك بوو بۆ دروستکردنی کۆدەنگی نیشتمانی

و بەرفراوانكردنی بەشداری گشتی لەو پرۆسەیە بە بێ جیاوازی كردن . هەر بۆیە دوای پێكهێنانی لێژنەی دەستوری لە لایەن كۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی هەڵبژێردراو لە 30/كانوونی یەكەم/2005، تاوەكو پێش ڕاپرسی لە سەر پرۆژەی دەستورەكە لە 2005/10/15، لە پێناو بەشداری هاووڵاتییان لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، عێراق بووە كارگەیەكی كاری دەستوری و سەرەڕای ئاستەنگەكان و نەبوونی ئاسایش و ئارامی لە ووڵات، لەو ماوەیە و بە مەبەستی بەشداری پێكردنی هاووڵاتییان لە پرۆسەكە، لێژنەی دەستوری و لێژنەی گفتوگۆی نیشتمانی و نووسینگەكانی لێژنەی دەستوری لە پارێزگاكان بە هاوكاری لە گەڵ پارتە سیاسییەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی (نێوخۆیی و نێودەوڵەتی) هەڵسان بە ئەنجامدانی چالاكی چڕوپڕ بۆ ڕوونكردنەوەی ڕووخسار و ناوەڕۆكی دەستورەكە و هاندانی هاووڵاتییان بۆ بەشداری كردنیان لەو پرۆسەیە .

هەرچەندە ئەزمونی عێراق لە بنیادنانی دەستور نمونەیەكی جیاوازە لە بەر ئەوەی عێراق لەو ماوەیەدا بە دۆخێكی زۆر نائارام و قۆناغی دابەشبوونی كۆمەلآیەتی قووڵ تێپەڕ دەبوو، ئەمە وێڕای ئەوەی دەستێوەردانی دەرەكی و دەستنیشان كردنی ماوەیەكی دیاریكراو بۆ دانانی دەستورەكە، هەر هەموویان بوونە هۆی كەم كردنەوەی ڕێژەی بەشداری گەل لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور .

لە ڕاستییدا لایەنگرانی بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور ڕوبەڕووی ڕەخنە لێگرتن بوونەتەوە بەوەی كە ئەوان لە گۆشەنیگایەكی ڕۆمانسی سەیری گەل دەكەن، لە كاتێكدا لەوانەیە هەریەك لە پێكهاتەكانی بەشدار لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور پێداگیری لە سەر هەڵوێستێك بكەن كە تەنها خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی خۆیان بكات، كە ئەمەش لە ئەنجامدا ڕەنگە لە جیاتی گەیشتن بە چارەسەر، پەرە بە ناكۆكییەكان بدات . لە لایەكی دیكەشەوە ڕەخنەگرانی بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، هۆكاری زۆرێك لە گرفتەكانی بەشداری گشتی لەو پرۆسەیە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتییان و تەنانەت

ڕێبەرانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، تێگەیشتنیان لە بارەی ڕۆڵی دەستور و چوارچێوەکەی تێگەیشتنێکی سنوردارە . ئەمە وێڕای ئەوەی پێیان وایە لە پرۆسەی بەشداری گشتی لە بنیادنانی دەستور لە کۆمەڵگا دابەشبووەکان، گفتوگۆ و تاوتوێ کردنەکان زیاتر لە بازنەی خواستە نەتەوەییەکان دەسوڕێنەوە تاوەکو بازنە نیشتمانییەکان . هەروەها مەترسی ئەوە دەخەنە ڕوو کە، بەشداری گشتی هەندێك جار دەکەوێتە ژێر کاریگەری گوشارە دەرەکییەکان و لە زۆرێك لە پرۆسەکانی دانانی دەستور لە سەر ئاستی جیهان ( بە تایبەت لە ئەفریقیا و ئاسیا ) زۆربەی سەرچاوەکانی پەروەردەی مەدەنی ( وەکو مەرجێکی پێشوەختە بۆ بەشداری هاووڵاتییان ) لە لایەن دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان دابین دەکرێت . هەر بۆیە تاوەکو ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و پێوەرەکانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندایە، نەك پێوەرە نیشتمانییەکان . جگە لەمەش جۆراوجۆری لە بەرژەوەندییەکان ( کە زۆر جار دژ بە یەکن )، دەبنە هۆی ئەوەی گەیشتن بە ڕێکەوتن و کۆدەنگی لە بارەی بابەتە دەستورییەکان ئەستەم بێت و کاتێکی زۆری پێویست بێت . زۆر جاریش لە پێناو گەیشتن بە چارەسەری و بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری لایەنەکان، لەوانەیە خودی دەستورەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە درێژتر ببێتەوە . سەرەڕای ئەوەی بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، زۆر جار بە هۆکارێك بۆ پەراوێزخستنی ڕۆڵی شارەزایان دادەنێن . هەروەها زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان و توێژینەوەکان، وەکو ڕەخنەیەك هۆشدارییان داوە لە تێچووی بەشداری هاووڵاتییان لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، ئەگەر هاتوو ئەو بەشداری کردنە بە شێوەیەکی گشتگیر و بەو شێوەیەی کە پێویستە، ئەنجام بدرێت .

وێڕای ئەو ڕەخنانەی کە لە بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور گیراوە، دەتوانین بڵێین لە ڕاستییدا بەشداری گەل لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، کارێکی پەسەندکراوە و لە ڕوانگەی سیاسییەوە لایەنی باشەی زۆری هەیە و سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی فراوانکردنی پێگەی زانیاری ئەوانەی ڕاسپێردراون بۆ داڕشتنی دەستورەکە و بەهێز کردنی هەنگاوەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەڕان بە دوای چارەسەرییە نوێیەکان، لە هەمان کاتیشدا، بەشداری گشتی و بەرفراوانی نیشتمانی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور دەبێتە هۆی بەخشینی پلەیەکی بەرز لە ڕەوایەتی سیاسی بە خودی بەڵگەنامەی دەستور . لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر دەستور بەشێك بێت لە پرۆسەی ئاشتی لە کۆمەڵگاکان، ئەوا لەو کۆمەڵگایانەی کە بە قۆناغی ناکۆکی یان قۆناغی دوای ناکۆکی تێپەڕ دەبن، بەشداری لایەنەکانی ململانێ و ناکوك، لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور کاریگەرترین ئامرازە بۆ زاڵبوون بە سەر ململانێ و ناکۆکییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی ئاشتەوایی بۆ گروپ و پێکهاتە ناکۆکەکان و ڕێگری کردن لە تەشەنەسەندنی ناکۆکییەکان لە داهاتوو . هەر بۆیە لە ئەنجامدا، بەشداری گشتی و بەرفراوانی هاووڵاتییان لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، دەبێتە هۆی بەهێز کردنی یەکێتی نیشتمانی و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ناسنامەی گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانی و ئەوانی دیکە، لە چوارچێوەی دەوڵەتەکە .

## تەوەری دووەم – بەشداری پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور

دەستەی ڕاسپێردراو بۆ داڕشتنی پرۆژەی دەستور ( بە بێ جیاوازی ئەوەی کۆمەڵەی دامەزرێنەر یان پەرلەمان بێت )، بە هۆی ڕەوایەتی هەڵبژاردن دەتوانێت بە بێ ڕاوێژکردن لە گەڵ پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی دەرەوەی دەستەکە، بڕیار لە بارەی ناوەڕۆکی دەستورەکە بدات . بەڵآم لە ڕاستییدا ئەم تێڕوانینە لە سەردەمی ئێستادا پەسەند کراو نییە و ئەزمونە بەراوردکارییەکان ئەوەی سەلماندووە، پشت بەستن بە ڕێبازی بەشداری پێکردنی هەمە لایەنە لە بنیادنانی دەستور یەکێکە لە گرنگترین پاڵپشتییەکانی ڕەوایەتی دەستور و مەرجێکی گرنگی سەرکەوتن و بەردەوام بوونی دەستورەکەیە . بە جۆرێك ئەو بەشداری پێکردنە هەموو لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە خۆ بگرێت . بە تایبەت لە ڕوانگەی ئەوەی بابەتی شێوەی دەوڵەت و ئامرازەکانی فەرمانڕەوایەتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستاودەست کردنی دەسەلآت لە گرنگترین تەوەرەکانی جێگەی بایەخی پارتە سیاسییەکانە . هەر بۆیە پێویستە تەنانەت ئەو پارتە سیاسییانەی لە دەرەوەی دەستەی ڕاسپێردراون بۆ داڕشتنی پڕۆژەی دەستور، دەنگ و ڕاوبۆچوونیان لە بارەی ئەو بابەتانە هەبێت و پێویستە بتوانن گوشار دروست بکەن لە سەر ئەو دەستەیە تاوەکو ڕاوبۆچوون و پێشنیازەکانیان بە هەند وەربگیرێت، چونکە گەیشتن بە ئاستێکی بەرز لە سازان لە بارەی بابەتە جێ ناکۆکەکان، پێویستی بە بەشداری پارتە سیاسییەکان لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە ناوەڕۆکی دەستور هەیە .

هەر چەندە لەوانەیە بوونی پارتە سیاسییەکانی خاوەن بەرنامەی جیاواز و دژ بە یەك لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی پڕۆسەکە و دروستکردنی قورسایی لە سەر ئەوانەی ڕاسپێردراون بۆ دانانی دەستورەکە . هەر بۆیە هەندێك جار بەشداری پارتە سیاسییەکان لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، لە جیاتی گەیشتن بە سازانی نیشتمانی، جیاوازییەکان توندتر بکات و پەسەندکردنی دەستورەکە نەیەتە دی . لە لایەکی دیکەشەوە، زۆر جار لە ماوەی دانانی دەستور پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە پڕۆسەکە لە پێناو بەدیهێنانی پرەنسیپ و بەهاکانی خۆیان، پەنا دەبەنە بەر گوشار دروستکردن و جەمسەرگیری و دروستکردنی لۆبی، ئەمە لە کاتێکدا فرەیی سیاسی لە ڕادە بەدەر و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی داڕشتنی دەستور بە سەر هاوپەیمانێتی نێوان پارتە سیاسییەکاندا دێت، دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێك ئاستەنگ لە بەردەم ڕێکەوتن لە سەر ناوەڕۆکی دەستورەکە . هەر بۆیە ئەوەی لە تونس لە سەروبەندی داڕشتنی دەستوری ساڵی 2014 ڕووی دا، بە هۆی گوێزانەوەی نوێنەرەکان لە نێوان پارتەکان و فراکسیۆنە سیاسییەکان و دەرکەوتنی پارت و فراکسیۆنی نوێ، کاریگەری هەبوو لە سەر نوێنەرایەتی ئەو ئەندامانە لە ناو لێژنە دەستورییەکان، لە بەر ئەوەی لێژنە دەستورییەکان لە ڕووی پێکهاتە لە سەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی دیاری کرابوون .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها پەیوەست بە بابەتی بەشداری پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور لە عێراق، دوای ئەوەی دەسەلآتی ڕاگوزەر ماوەیەکی زۆر کورتی بۆ داڕشتنی پرۆژەی دەستوری ساڵی 2005 دیاری کرد بە جۆرێك کە نەدەبوو لە ئابی 2005 تێپەڕ بکات ( بە بێ بەشداری کردنی عەرەبی سوننە، هەرچەندە لە کۆتاییەکانی ئەیلوولی 2005 بەشدارییەکی لاوازیان کرد )، ئەمە بووە هۆی ئەوەی پرۆژەی دەستورەکە ڕوبەڕووی ڕەخنەی کۆمەڵە و پارتە سیاسییە عەرەبییە سوننەکان ببێتەوە . بە جۆرێك لە دوای تەواو کردنی پرۆژەی دەستورەکە لە لایەن کۆمەڵەی نیشتمانی لە 28ی ئابی 2005، ڕێکخراو و پارتە سیاسییە عەرەبییە سوننەکان ( بە عەلمانی و ئایینیەوە ) ڕایانگەیاند، لە ڕاپرسی نیشتمانی دژایەتی پرۆژەی دەستورەکە دەکەن . هەر بۆیە جوناسان مۆرۆ لە ڕاپۆرتێك بە ناونیشانی - العملیە الدستوریە العراقیە (2) : فرصە چائعە - لەم بارەیەوە دەڵێت " لە ڕاستییدا دوورخستنەوەی پارتە سیاسییە سوننەکان لە پرۆسەی دەستوری ساڵی 2005 مردنێك بوو بۆ لێژنەی نووسینەوەی دەستور" . هەر پەیوەست بە بابەتی بەشداری پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور لە عێراق، هەندێك پێیان وایە ئەو فەلسەفە سیاسییەی کە پرۆسەی بنیادنانی دەستوری ساڵی 2005ی ئاڕاستە دەکرد، زیاتر لە ژێر کاریگەری نەرین و دیدگای پارتە سیاسییە شیعی و کوردییەکاندا بووە، ئەمەش لە دوای نەبوونی خواستی بەشداری کردن لە لای عەرەبی سوننە . هەر بۆیە دەگوترێت پارتە سیاسییە شیعی و کوردییەکان ڕۆڵێکی زیاتریان پێ بەخشرا لە داڕشتنی شێوەی کۆتایی دەستوری عێراقی ساڵی 2005 .

ئەمە لە کاتێکدا جگە لە پارتە سیاسییەکان، نابێت بەشداری کۆمەڵگای مەدەنی وەك بەشێکی کارا و خاوەن کاریگەری لە کۆمەڵگاکان، لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور نادیدە بگیرێت . لە بەر ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن کاریگەری بخەنە سەر ئەو بڕیارانەی کە دەستەی ڕاسپێردراو بۆ داڕشتنی دەستور لە بارەی ناوەڕۆکی دەستورەکە دەیدەن . ئەمەش بە بێ جیاوازی ئەوەی بەشداری کردنیان لەم بارەیەوە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارچێوەی ڕێوشوێنە فەرمییەکانی دانانی دەستورەکە ڕێکخرابێت، یان لە دەرەوەی چوارچێوە فەرمییەکان بێت . لە بەرچاوترین پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کارا لەم بوارە، دەکرێت ئاماژە بکەین بە هەر یەك لە کۆمەڵەکانی ژنان و کۆمەڵەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و ئەو کۆمەلآنەی کە پەیوەندیدارن بە مافی کەمینەکانی نەتەوەیی و ئایینی و سەندیکاکان و دەستە پیشەییەکانی وەك پارێزەران و کرێکاران و ئەوانی دیکە . هەر بۆیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەر وەکو چۆن ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە بەرگری کردن و پارێزگاری کردن لە دەستور، بە هەمان شێوە لە قۆناغی بنیادنانی دەستور دەتوانن کاریگەری لە سەر پرۆسەکە دروست بکەن و لەم چوارچێوەیەشدا، بە زۆری پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشداری کردن و گوشارەکانیان لە سەر بابەتەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییە گشتییەکان و دابەش کردنی سەرچاوەکانی دەوڵەت و ناسنامەی دەوڵەتەکە و بابەتە دەستورییە سیاسییەکانی وەکو شێوەی دەوڵەت و دامەزراندنی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی هاوسەنگ دەبێت .

## تەوەری سێیەم – بەشداری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور

بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور بە تەنها کورت نابێتەوە لە سەر کارەکتەرە خۆجێییەکان، بەڵکو زۆر جار و بە تایبەت لە بارودۆخەکانی بوونی ناکۆکی یان دوای ناکۆکی لە وولآتان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانێت وەك کارەکتەرێکی گرنگ ڕۆڵ بگێڕێت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور و هەرچەندە لەوانەیە ئەم بەشداری کردنە لە سەر بنەمای یاسا یان پەیمانن‌امەیەك بێت، بەلآم بەشێکی زۆریان بە شێوەیەکی نافەرمی و ناڕوون ئەنجام دەدرێن و تەنانەت لەوانەشە هەندێك جار ئەو بەشداری کردنە گوشار و هەڕەشەی ئاشکرا لە خۆ بگرێت، لە کاتێکدا لەوانەشە بەشداری دەرەکی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، سودمەند بێت و بگرە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە یەکلاکەرەوەش بێت . ئەمە وێڕای ئەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشداری نێودەوڵەتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور بابەتێکی گرنگی دیکە دەوروژێنێت کە ئەویش بریتییە لە بابەتی ڕەوایەتی و ملکەچ بوون بۆ لێپرسینەوە، هەر بۆیە لە جیاتی بەشداری دەرەکی ڕاستەوخۆ، ڕێگەی دیکە هەیە کە بە هۆیانەوە دەتوانرێت ڕەچاوی لایەنە نێودەوڵەتییەکانی پرۆسەی بنیادنانی دەستور بکرێت، وەکو پەرەپێدانی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ( وەك پێوەرەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و مندالآن و یەکسانی لە نێوان ڕەگەزەکان و ئازادی ئایین و باوەڕ و سەربەخۆیی دادوەری و مافە سیاسییەکان و جیاکاری نەکردن لە مافە سیاسییەکان ) کە حوکمی پرۆسەی دەستوری و ناوەڕۆکی دەستورەکە بکات . ئەمە لە کاتێکدا، توانایی لە سود وەرگرتن لە دەستوری دەوڵەتانی دیکە، یەکێکی ترە لە ڕێگەکانی ڕەچاوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی بنیادنانی دەستور .

لەم چەند سالآنەی دواییدا بە زۆری بەشداری نێودەوڵەتی لە بنیادنانی دەستور خۆی دەبینێتەوە لە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرۆسەی داڕشتنی دەستورە نیشتمانییەکان و زۆر جار ئەم بەشداری کردنەش بە ڕێگەی فەراهەم کردنی توێژینەوە ئەکادیمییە تایبەتییەکان لە سەر ئەزمونی دەوڵەتانی دیکە و فەراهەم کردنی تیمەکانی شارەزایان و ڕاوێژکارەکان لە بواری دەستور، یان لە ئەستۆ گرتنی سەرچاوەکانی دارایی بۆ چاپ کردن و بلآوکردنەوەی پرۆژە دەستورییەکان دەبێت، هەروەك لە عێراق ئەم حاڵەتە ڕووی دا .

بەشداری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پرۆسەی دەستوری هەردەم بە بێ کیشە و گرفت نەبووە، بۆ نمونە زۆر جار ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەهۆی لایەنگیریان بۆ پارتێکی سیاسی کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان دەکات، ڕوبەڕووی ڕەخنە بوونەتەوە . هەندێك جاریش ئەم بەشداری کردنە بە دەرفەت زانراوە بۆ دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی لە گەڵ ئەو پارتە سیاسییەی کە ئاشکرایە لە دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی بنیادنانی دەستور جڵەوی دەسەلآت دەگرێتە دەست . لە لایەکی دیکەشەوە هەندێك جار لە گەڵ شارەزایانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێودەوڵەتی بەشدار لە پرۆسەی دەستوری رێکەوتن دەکرێت بۆ پاڵپشتی کردن لە گروپێکی سیاسی دیاریکراو . وێڕای هەموو ئەمانەش، بەشداری دەرەکی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، لەوانەیە ببێتە هۆی کەمتر گوێ گرتن لە دەنگ و ڕاوبۆچوونە خۆجێیەکان . ئەمە لە کاتێکدا بە وردبوونەوە لە ئەزمونی بەشداری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور لە سەردەمی ئێستادا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، بە زۆری بەشداری نێودەوڵەتی خۆی دەبینێتەوە لە دابین کردنی پاڵپشتی دارایی یان دابین کردنی کەسانی شارەزا بۆ سەرخستنی پرۆسەی بنیادنانی دەستورە نیشتمانییەکان و بە بۆچوونی ئێمە، ئەگەر بەشداری نێودەوڵەتی لە بنیادنانی دەستورەکان بە دوور بێت لە دروست کردنی گوشار و لایەنگیری کردن و لە سەر بنەمای یارمەتیدان و پێشکەشکردنی زانیاری و نێوەندگیری کردن لە نێوان لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەکە و نزیك کردنەوەی ڕاوبۆچوونەکان و ئاڕاستە جیاوازەکان بنیاد بنرێت، دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ئاسانکردنی گفتوگۆ دەستورییەکان و سەرخستنی پرۆسە دەستورییەکە .

سەبارەت بە بەشداری نێودەوڵەتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور لە عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێم، وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بە فۆرمێك هەبوو بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی عێراق . هەر بۆیە دانانی دەستورێکی نوێ لە سەر بنەمای پرەنسیپە دیموکراتییەکان و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بە پێویست زانرا، ئەمەش بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ عێراق، لە کاتێکدا دانانی دەستورێکی نوێ بە هەمان شێوە ئامانج و خواستی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو . لە هەمان کاتدا زۆربەی خودی عێراقییەکان چاوەڕوانی زۆریان لە دەستورێکی نوێ هەبوو کە بۆ وولآتەکەیان دابنرێت . هەر بۆیە بنیادنانی دەستور، بووە تەوەری گفتوگۆ دیپلۆماسییەکان و بە درێژایی ماوەی پرۆسەی بنیادنانی دەستور، وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو هێزی داگیرکەری عێراق ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەو پرۆسەیە. لە کاتێکدا نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ڕێگەی نوێنەرە تایبەتییەکەی ( الأخچر الإبراهیمی )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور رۆڵی نێوەندگیری لە نێوان وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پرکاریگەرترین رابەری شیعەکان ( ئایەتولآ سیستانی ) دەگێرا . هەر بۆیە وێرای ئەوەی وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشنیازی خۆی هەبوو بۆ شێوازی دانانی دەستور و خواستی ئەوەی هەبوو پرۆژەی دەستورەکە لە لایەن کەسانی دەستنیشانکراو لە لایەن خۆیان دابرێژرێت، بەلآم ( سیستانی ) رەتی کردەوە و پێداگیری لە سەر دانانی دەستور بە رێگەی کۆمەڵەی هەڵبژێردراو دەکرد . ئەمە لە کاتێکدا بە درێژایی ماوەی پرۆسەی بنیادنانی دەستور لە عێراق، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە رێگەی کەناڵەکان و ئامرازەکانی راگەیاندن و رێکخراوە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان و لە رێگەی سندوقی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، پاڵپشتی لە گفتوگۆ نیشتمانییەکانی پەیوەست بە دارشتنی دەستور دەکرد . بەلآم سەرەرای ئەمەش، راستی دۆخەکە ئەوە دەسەلمێنێت وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵێکی زیاتری هەبووە لە سەر حیسابی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێشکەش کردنی یارمەتی لە بواری دارشتنی دەستورەکە و تەنانەت کاریگەری خستنە سەر لایەنە سیاسییەکان و گوشار خستنە سەریان لە ماوەی دارشتنی دەستورەکە و هەر لەم میانەیەشدا و لە دوای کۆتایی هاتنی کارەکانی لیژنەی دەستوری لە 8ی ئابی 2005، باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداد لە 12ی ئابی 2005، هەڵسا بە دابەشکردنی پرۆژەی دەستورەکە بە زمانی ئینگلیزی لە گەڵ خستنەرووی باری سەرنجی وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەر ناوەرۆکی دەستورەکە .

**باسی دووەم**

**پرەنسیپی شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور**

بە پێچەوانەی ئەو بنەمایەی کە تاوەکو حەفتاکانی سەدەی رابردوو پەیرەو دەکرا، بە جۆرێك کە بە هۆیەوە بژاردەی سیاسی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك و داخراو هەڵدەسان بە ئەنجامدانی پرۆسەی دەستوری، لە سەردەمی ئێستادا شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستور دەرفەتی بەشداری کردنی بۆ جەماوەر و ڕاگەیاندنەکان و کۆمەڵگای مەدەنی ڕەخساندووە تاوەکو بتوانن ئاگاداری هەموو ئەو بابەتانە بن کە لە بارەی پڕۆسەی دەستوری دەگوزەرێت . هەروەها بە هۆی شەفافییەت لەو پڕۆسەیە هەلی دیاریکردنی نوێنەرەکان و هەڵبژاردنیان و ئاگاداربوون لە ڕۆڵیان لە کۆی پڕۆسەکە بۆ گەل زیاتر فەراهەم دەبێت و دەرفەت بۆ خستنەڕووی ڕاوبۆچوون و پێشنیازەکان لە بارەی ئەو پڕۆسەیە بۆ هاووڵاتییان دەڕەخسێنێت . هەر بە هۆی شەفافییەت لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کاتە گونجاوەکان لە پڕۆسەکە، دەتوانن بوونێکی کارا و بەرچاویان هەبێت .

هەر بۆیە پرەنسیپی شەفافییەت بە یەکێك لە پرەنسیپە گرنگەکانی پڕۆسەی دەستوری ( بنیادنانی دەستور ) دادەنرێت کە پێویستە هەموو قۆناغەکانی ئەو پڕۆسەیە بگرێتەوە . لێرەدا و بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە، ئەم باسە دابەشی سەر دوو تەوەر دەکەین ، لە تەوەری یەکەم باسی ئاسانی لە گەیشتن بە پڕۆسەی دەستوری دەکەین و لە تەوەری دووەم تیشك دەخەینە سەر هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوە لە قۆناغی بنیادنانی دەستور .

## تەوەری یەکەم – ئاسانی لە گەیشتن بە پڕۆسەی دەستوری

پشت بەستن بە پێوەر و ڕێوشوێنەکانی دیموکراتییەت و شەفافییەت یەکێکە لە نوێ گەراییە سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم چەند دەیەی کۆتایی لە بواری بنیادنانی دەستور، بە جۆرێك ئەمە بە شێوەیەکی بەردەوام لە سەر دروستکەرانی بڕیاری سیاسی و هەروەها لە بواری ڕاوێژ و پڕۆسە دەستورییەکان، وەك پێویستییەکی گرنگ جێ بە جێ دەکرێت . هەر بۆیە شەفافییەت لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور پرەنسیپێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆسەیە و بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك بە کۆی پڕۆسەکە و بە پێچەوانەوە لە بەرجەستە نەبوونی ئەم پرەنسیپە بە ئاسانی دەتوانرێت دەستورەکە بکرێتە ئامرازێك بۆ قۆرغکردنی دەسەڵات .

هەرچەندە لێرەدا جیاوازی و ناکۆکی هەیە لە بارەی شەفافییەتی بەرفراوان و چڕوپڕ لە ڕێوشوێنەکانی بنیادنانی دەستور کە بە بۆچوونی هەندێك لە پسپۆڕان، لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی ئەندامانی لێژنەی دەستور تەنها لە پێناو ڕازی کردنی لایەنگرانی خۆیان هەڵوێستی توند وەربگرن و ئەمەش لە ئەنجامدا ببێتە هۆی ناجێگیری لە هەڵوێستەکان و بەریەك کەوتنی ڕاوبۆچوونەکان لە نێو ئەنجومەنە دەستورییەکان . هەر بۆیە هەندێك لە بانگەشەکانیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە، باشترە گفتوگۆکان بە شێوەی نهێنی ئەنجام بدرێن و تەنانەت پێیان وایە، کاتێك گفتوگۆکان بە شێوەی نهێنی ئەنجام دەدرێن گەیشتن بە چارەسەرییە ناوەندەکان ئاسانترە و ئەو کات پێوەرەکانی گفتوگۆش لە ئاستێکی بەرزتردا دەبن .

بەڵام لە ڕاستییدا ئەو تێڕوانینەی سەرەوە، لای ئێمە پەسەندکراو نییە و پێمان وایە، شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور پەیوەندییەکی بەهێزی لە گەڵ بەشداری گشتی لەو پرۆسەیە هەیە، بە جۆرێك بە بێ شەفافییەت ناتوانرێت بەرجەستەی بەشداری گشتی لەو پرۆسەیە بکرێت . ئەمە لە کاتێکدا خودی شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور هەلێکی باشتر بۆ دیاری کردن و هەڵبژادنی بنیادنەرانی دەستورەکە دەڕەخسێنێت و لە هەمان کاتیشدا دەرفەتی ئاگاداربوون لە هەڵوێستەکانی ئەندامانی لێژنەی دەستوری و شێوازی کارکردنیان و هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانیان و ئاگاداربوون لە ناوەڕۆکی بابەتە دەستورییەکان بۆ هاوولاتییان دەستەبەر دەکات .

سەبارەت بە ئاسانی لە گەیشتن بە پرۆسەی دەستوری لە ئەزمونی داڕشتنی دەستوری ئەفریقیای باشور ( کە نزیکەی 7 ساڵی خایاند، لە ساڵی 1989 تاوەکو 1996 ) لە کاتێکدا لەو ماوەیەدا پرۆسەی بنیادنانی دەستور، بۆ ڕیکەوتن لە سەر ئەو پرەنسیپانەی کە پێویست بوو لە دەستورەکەدا هەبێت، شێوازی گفتوگۆی نیشتمانی وەرگرت لە نێوان نەیارە سیاسییەکان کە خۆی لە دوو بەرەی ( نلسۆن ماندێلا ) سەرکردەی کۆنگرەی نیشتمانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پاییز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەفریقی و ( بیگ دبلیو بۆتا ) ی سەرۆك وەزیران دەبینیەوە . لە هەمان کاتدا، فەرمانگەی پەیوەندی کردن بە کۆمەڵگا ( سەر بە کۆمەڵەی دامەزرێنەر لە ئەفریقیای باشور ) لە پێناو دەستەبەرکردنی شەفافییەت و ئاسانی هاووڵاتییان لە گەیشتن بەو پڕۆسە دەستورییە، هەڵسان بە هەڵمەتێکی بەرفراوان و هەمە لایەنە لە سەر چەندین ئاستی جیاواز .

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەزمونی پڕۆسەی بنیادنانی دەستور لە ئەفریقیای باشور ئەو ڕاستییەی سەلماند، شەفافییەت و ئاسانی لە گەیشتن بە پڕۆسەی دەستوری، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری هاووڵاتییان لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور و هێنانەکایەی دامودەزگا دیموکراتییەکان لە سەر بنەمای دەوڵەتی یاسا و مافی مرۆڤ، کە ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەو گروپ و کۆمەلآنەی کە لە قۆناغەکانی ڕابردوو پەراوێز خراون، هەروەك ئەمە لە میانەی ڕێکخستنی بەشداری گشتی و شەفافییەت و ئاسانی لە گەیشتن بە پڕۆسەی دەستوری لە بنیادنانی دەستوری ساڵی 1996 لە ئەفریقیای باشور ڕووی دا و بە هۆیەوە هاووڵاتییانی ڕەش پێست دوای چەندین دەیە لە دوورخستنەوە و بێبەش کردن، بۆ یەکەم جار لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور لە وولآتەکەیان بەشدارییان کرد .

هەروەها سەبارەت بە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005، لە ماوەی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی دەستوری لە پێناو بەرجەستەکردنی شەفافییەت و ئاسانی هاووڵآتییان لە گەیشتن بەو پڕۆسە دەستورییە لە سەر ئاستی وولآت چەندین چالاکی دەستوری بەڕێوە چوون وەکو، نووسین و گوتار و سیمینار کە لە ڕێگەی ڕۆژنامە چاپکراو و ئەلکترۆنییەکان بلآودەکرانەوە . بە هەمان شێوە، عێراقییەکان لەو ماوەیەدا نزیکەی سێ هەزار سیمیناریان لە بارەی پڕۆسەی دەستوری ئەنجامدا، ئەمە جگە لەو کۆبونەوانەی کە پارێزەران و خاوەن ڕا و نوسەر و بیرمەندەکان و سیاسییەکان و چالاکوانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێبەرانی کۆمەڵە جیاوازەکان تێدا بەشدار بوون . کە بە پێی داتاکان نزیکەی 450000 پێشنیازی دەستوری لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە هاتنە ئاراوە . وێڕای هەموو ئەمانەش لە ڕاستییدا گەورەترین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاستەنگ لە بەردەم داڕشتنی ئەو دەستورە دەستنیشانکردنی کات بوو کە بۆ نووسینەوەی دیاریکرابوو، بە جۆرێك کە مادەی ( 61 ) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەر ( TAL) ئەوەی سەپاندبوو، پێویستە داوا لە کۆمەڵەی نیشتمانی بکرێت، هەڵسێت بە نووسینەوەی دەستور بە جۆرێك تاوەکو 15ی ئابی 2005 کۆتایی پێ بهێنێت . لە کاتێکدا پڕۆسە دەستورییە بنیادنراوەکان لە سەر گشتگیری و بەشداری و شەفافییەت و خاوەندارێتی نیشتمانی، پێویستی بە ماوەیەکی باش لە کات هەیە تاوەکو بتوانرێت بە شێوەیەك پێکبهێنرێت کە گونجاو بێت لە گەڵ ئەو ژینگەیەی تێدا جێ بە جێ دەکرێت . لە لایەکی دیکەشەوە، ئەزمونی بەشداری و شەفافییەت لە پڕۆسەی بنیادنانی دەستور، لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی 2005 لە ژێر کاریگەری داگیرکاری و نالەباری ڕەوشی ئاسایش و بە هۆی ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە قووڵەی کە لەو سەردەمە باڵی بە سەر ووڵاتەکەدا کێشابوو دوچاری گرفت و ئاستەنگی زۆر بویەوە . هەموو ئەمانەش لە ئەنجامدا کاریگەرییان هەبووە لە سەر ئاستی شەفافییەت و ئاسانی بۆ هاووڵاتییان لە گەیشتن بەو پڕۆسە دەستورییە . لە هەمان کاتیشدا، نەبوونی ئامادەیی سیاسی و ویستێکی ڕاستەقینە لە لای سیاسییەکان بۆ بەشداری پێکردنی گەل و بە هەند وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و پێشنیازەکانی هاووڵاتییان، تاوەکو ڕادەیەکی زۆر کاریگەری نەرێنی خستە سەر شەفافییەت و ئاسانی لە گەیشتنی هاووڵاتییان بەو پڕۆسەیە و بەشداری گشتی هاووڵاتییان تێدا . جگە لەمەش، بەشداری لاوازی پێکهاتەی عەرەبی سوننە، یەکێکی ترە لە خاڵە لاوازەکانی ئەو پڕۆسە دەستورییە کە لە عێراق لە کاتی داڕشتنی دەستوری ساڵی 2005 بەڕێوە چوو .

## تەوەری دووەم – هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوە لە قۆناغی بنیادنانی دەستور

سەرکەوتنی پڕۆسەی بنیادنانی دەستور پێویستی بە هۆشیاری دەستوری هەیە لە بارەی شێوازی بەڕێوەچوونی ئەو پڕۆسەیە و هەروەها لە بارەی بابەتە دەستورییەکان و بە بێ هۆشیاری دەستوری، بەشداری هاووڵاتییان لەو پڕۆسەیە ناتوانێت کاریگەرییەکی ئیجابی

ئەوتۆ بخاتە سەر بەرهەمی کۆتایی ئەو پرۆسەیە کە ئەویش خودی بەڵگەنامەی دەستورەکەیە . ئەمە لە کاتێکدا هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوە لە قۆناغی بنیادنانی دەستور، بەشێکە لە بەرجەستەکردنی پرەنسیپی شەفافییەت لە پرۆسەی دەستوری . لەم چوارچێوەیەشدا و پەیوەست بە هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە قۆناغی بنیادنانی دەستور، لە پاڵ بەرنامەکانی هۆشیاری لە لایەن پارتە سیاسییەکان، بە هەمان شێوە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ڕۆڵ لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری دەستوری بگێڕن .

سەبارەت بە ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە هۆشیاری دەستوری لە میانەی پرۆسەی بنیادنانی دەستور، پارتە سیاسییەکان دەتوانن لە ڕێگەی پەیوەندی کردن و کارکردن لە گەڵ ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان ڕۆڵ بگێڕن لە بلاوەپێکردنی هۆشیاری و ڕۆشنبیرکردنی ئەندامان ولایەنگرەکانیان لە بارەی دەسەلآت و ئەرکەکانی لێژنە دەستورییەکان و ئەو ڕۆڵەی کە ئەندامەکانیان لە ئەنجومەنی دامەزرێنەر هەیانە . هەروەها پارتە سیاسییەکان دەتوانن زانیاری بە لایەنگرانی خۆیان بدەن لە کاتی بەشداری کردنیان لە پرۆسەی دەستوری و بەشدار بن لە ئاڕاستەکردنی هەڵوێستەکانیان لە بەرامبەر بابەتە دەستورییەکان .

ئەمە لە کاتێکدا پەیوەست بە هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوە لە قۆناغی بنیادنانی دەستور، جگە لە پارتە سیاسییەکان، ناکرێت ڕۆڵی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نادیدە بگیرێت . لە بەر ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەر لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و سەندیکاکان و دەستە پیشەییەکان و ئەوانی دیکە، هەر هەموویان دەتوانن بەشدار بن لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە قۆناغی بنیادنانی دەستور، هەر لەم سۆنگەیەشەوە لە ئەزمونی داڕشتنی دەستور لە عێراق، لێژنەی نووسینەوەی دەستور وێڕای ڕێکخستنی لێژنە لاوەکییەکان لە نێو خودی لێژنەکە، لە 1ی تەمموزی 2005، لێژنەیەکی دیکەی بە ناوی ( لێژنەی پەیوەندی و گفتوگۆی جەماوەری ) پێکهێنا، کە ئەرکەکەی بە

پەرەپێدانی هۆشیارکردنەوەی گەل لە مەڕ پرەنسیپە دەستورییەکان دیاری کرا و سێ ئامراز بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکەی دەستنیشانکرا کە ئەوانیش بریتی بوون لە : ڕاگەیاندن، بەشداری پێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و وەرگرتنی ڕا و پێشنیازەکانی هاووڵاتییان . ئەمە لە کاتێکدا جگە لەم لیژنەیە، لیژنەی نووسینەوەی دەستور هەڵسا بە پێکهێنانی نووسینگەیەك بۆ ڕاگەیاندن کە ئەرکەکەی بریتی بوو لە ڕێکخستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستور و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی پەیوەست بە کارەکانی لیژنەی دەستوری و ڕێکخستنی شاڵاوی بەرفراوانی ڕاگەیاندن بۆ هاندانی بەشداری بەرفراوان لە پرۆسەی دەستوری .

لە ڕاستییدا پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نەك تەنها لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوە ڕۆڵێکی دیاریان هەیە، بەڵکو هەندێك جار ئەم ڕۆڵەی ئەوان دەچێتە قۆناغی دروست کردنی گوشار لە سەر لیژنەی ڕاسپێردراو بۆ دانانی دەستور .

لە لایەکی دیکەشەوە، لە پاڵ پارتە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هۆیەکانی ڕاگەیاندن یەکێکی ترە لە ئامرازەکانی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە قۆناغی بنیادنانی دەستور کە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە بەخشینی زانیاری لە بارەی شێوازی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە و ناوەڕۆکی پرۆژەی دەستورەکە . بۆ نمونە لە پرۆسەی داڕشتنی دەستوری ساڵی 2014ی تونس، لە قۆناغەکانی کۆتایی پرۆسەکە و لەو کاتەی ئەنجومەنی نیشتمانی دامەزرێنەر ئامادەکاری دەکرد بۆ دەنگدان لە سەر پرۆژەی دەستورەکە، پارتە سیاسییەکان چالاکییەکانیان زیاتر کرد و لە پێناو زیاتر هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان، هەر یەك لە ( حرکە نداء تونس ) و ( الحزب الجمهوری ) و ( حزب المسار ) و پارتە سیاسییەکانی دیکە، هەڵسان بە ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بارەی ناوەڕۆکی دەستورەکە، ئەمە لە کاتێکدا ( حزب المسار ) لە سەر ماڵپەڕی تایبەت بە پارتەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لە بارەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشکەوتنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی دامەزرێنەر و گفتوگۆ نیشتمانییەکانی پەیوەست بە پرۆسەی داڕشتنی دەستورەکە و هەڵوێستی پارتەکە لەو بارەیەوە . لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە پێشکەوتنە دەستورییەکان، خودی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی دامەزرێنەر هەندێك جار بە سیفەتی کەسی و بە جیا لە پەیوەندی کردندا بوون لە گەڵ هاووڵاتییان و ژمارەیەك لەو ئەندامانە لە ڕێگەی سوشیاڵ میدیا هەڵسان بە خستنەڕووی ئەو بابەتانەی کە لە کۆبونەوە داخراوەکان لە نێو ئەنجومەنەکە لە سەری ڕێکدەکەوتن .

لە ڕاستییدا کاریگەری هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە بارەی دەستور، تەنها کورت نابێتەوە لە سەر بەشداری هۆشیارانەی هاووڵاتییان لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، بەڵکو سودی درێژخایەنی دیکەشی هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاشنایی و تێگەیشتنی هاووڵاتییان لە ناوەڕۆکی دەستورەکە و ڕادەی جێبەجێ کردنی و چۆنیەتی پارێزگاری کردن لە دەستورەکە، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە هۆشیاری دەستوری گرێدراو بێت بە پەروەردەی مەدەنی، واتە پەروەردە و فێرکردنی هاووڵاتییان لە سەر مافە دەستورییەکانیان و سنوری مافە دەستورییەکانیان، بۆ ئەوەی هاووڵاتییان لە داواکارییەکانیان زیادەڕۆیی نەکەن . هەرچەندە خودی بەرنامەی هۆشیارکردنەوەی دەستوریش بە تەنها کورت نابێتەوە لە سەر قۆناغی داڕشتنی دەستورەکە و ناکرێت بە پەسەندکردنی دەستور یەکسەر کۆتایی پێ بێت . هەر بۆیە لە پێناو هۆشیارکردنەوەی دەستوری بەردەوام لە دوای قۆناغی دانانی دەستور، دەبینین دەستوری گانا ساڵی 1992 بە دەق ئاماژەی کردووە بە دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی نیشتمانی بۆ پەروەردەی مەدەنی لە پێناو بەردەوامی دان بە هۆشیاری دەستوری کە ئامانج لێی بریتییە لە پەروەردەکردنی هاووڵاتییان و هاندانیان لە سەر پارێزگاری کردن لە دەستور و داڕشتنی بەرنامەی پێویست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەستورەکە، هەر بۆیە ئەو کۆمیسیۆنە کە بە پێی دەستور دامەزرا، دواتر بووە دامەزراوەیەکی خاوەن ڕێزێکی زۆر لە وولآتی گانا .

## کۆتایی

### دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك لەوانە :

1- بەشداری گشتی و بەرفراوانی نیشتمانی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، دەبێتە هۆی بەخشینی پلەیەکی بەرز لە ڕەوایەتی سیاسی و مۆرکی خاوەندارێتی نیشتمانی بە دەستور و بەهێز کردنی یەکێتی نیشتمانی و بەرجەستەکردنی هاوسەنگی لە نێوان ناسنامەی نیشتمانی و ناسنامەی گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ئاینی و زمانەوانی و ئەوانی دیکە و ئەگەر دەستور بەشێك بێت لە پرۆسەی ئاشتەوایی، ئەوا لەو کۆمەڵگایانەی کە بە قۆناغی ناکۆکی یان قۆناغی دوای ناکۆکی تێپەڕ دەبن، بەشداری لایەنەکانی ململانێ و ناکۆك لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، کاریگەرترین ئامرازە بۆ زاڵبوون بە سەر ململانێ و ناکۆکییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی ئاشتەوایی بۆ گروپ و پێکهاتە ناکۆکەکان و ڕێگری کردن لە پەرەسەندنی ناکۆکییەکان .

2- زۆر جار بەشداری دەرەکی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور خۆی دەبینێتەوە لە، دابین کردنی پاڵپشتی دارایی یان دابین کردنی کەسانی شارەزا بۆ سەرخستنی پرۆسەی بنیادنانی دەستورە نیشتمانییەکان . ئەمە لە کاتێکدا، بەشداری نێودەوڵەتی لەو پرۆسەیە ئەگەر بە دوور بێت لە دروست کردنی گوشار و لایەنگیری کردن و لە سەر بنەمای یارمەتیدان و پێشکەشکردنی زانیاری و نێوەندگیری کردن لە نێوان لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەکە و نزیك کردنەوەی ڕاوبۆچوونەکان و ئاڕاستە جیاوازەکان بنیاد بنرێت، دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ئاسانکردنی گفتوگۆ دەستورییەکان و سەرخستنی پرۆسە دەستورییەکە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، پەیوەندییەکی بەهێزی لە گەڵ بەشداری گشتی لەو پرۆسەیە هەیە، بە جۆرێك بە بێ شەفافییەت ناتوانرێت بەرجەستەی بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور بکرێت . ئەمە لە کاتێکدا خودی شەفافییەت لەو پرۆسەیە، هەلێکی باشتر بۆ دیاریکردن و هەڵبژاردنی بنیادنەرانی دەستورەکە دەرەخسێنیت و لە هەمان کاتیشدا دەرفەتی ئاگاداربوون لە هەڵوێستەکانی ئەندامانی لێژنەی دەستوری و شێوازی کارکردنیان و هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانیان و ئاگاداربوون لە ناوەڕۆکی بابەتە دەستورییەکان و پێشقەچوونەکانی پرۆسەکە بۆ هاووڵاتییان دەستەبەر دەکات .

4- بەشداری گشتی و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، لە کۆمەڵگا فرەییەکان یارمەتی گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگاکە دەدات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەشداری کردن لە دارشتنی دەستور، گوزارشت لە خواستەکانی خۆیان بکەن و لەو ڕێگەیەشەوە گەرەنتی دەستوری بۆ پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندییەکانیان و ماف و ئازادییەکانیان دەستەبەر بکەن و دەرفەت دەداتە گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، تاوەکو لە ڕێگەی تەوافق و سازان، لە سەر بنەمای پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی پیادەی ماف و ئازادییە گشتییەکانیان بکەن . هەر بۆیە، پێویستی ڕەچاو کردنی بەشداری و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، لە کۆمەڵگا فرەییەکان زیاتر هەست پێکراوە .

5- لە ڕاستییدا سود و قازانجەکانی بەشداری و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، بۆ جێگیرکردنی پایەکانی دیموکراتییەت و فەرمانڕەوایەتی لە سەر بنەمای دەستور حاشا هەڵنەگرە و زۆربەی ئەو ئامانجانەی کە لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور لە بەرچاون، ناکرێت بە بێ بەشداری گەل و شەفافییەت لەو پرۆسەیە بێتە دی . هەر بۆیە بەشداری گشتی و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە هێنانەکایەی دامودەزگا دیموکراتییەکان لە سەر بنەمای دەوڵەتی یاسا و مافی مرۆڤ، کە ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەو گروپ و کۆمەلآنەی کە لە قۆناغەکانی ڕابردوو پەراوێز خراون، هەروەك ئەمە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میانەی ڕێکخستنی بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستوری ساڵی 1996 لە ئەفریقیای باشور ڕووی دا و بە هۆیەوە، هاووڵاتییانی ڕەش پێست لەو ووڵاتە، دوای چەندین دەیە لە دوورخستنەوە و بێبەش کردن بۆ یەکەم جار لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور لە ووڵاتەکەیان بەشدارییان کرد . هەر بۆیە ئەزمونی بنیادنانی دەستوری ساڵی 1996 لە ئەفریقیای باشور، بە ئەزمونێکی سەرکەوتوو لە بواری بنیادنانی دەستور دادەنرێت کە تاوەکو ئاستێکی بەرز توانراوە تیایدا بەرجەستەی پرەنسیپی بەشداری گشتی و شەفافییەت لەو پرۆسەیە بکرێت .

6- ئەزمونی بەشداری گشتی و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی 2005، لە ژێر کاریگەری داگیرکاری و نالەباری ڕەوشی ئاسایش و بە هۆی ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە قووڵەی کە لەو سەردەمە باڵی بە سەر ووڵاتەکەدا کێشابوو، دوچاری گرفت و ئاستەنگی زۆر بویەوە . لە هەمان کاتیشدا دەستنیشانکردنی خشتەی کاتی بۆ دانانی دەستورەکە و نەبوونی ئامادەیی سیاسی و ویستێکی ڕاستەقینە لە لای سیاسییەکان بۆ بەشداری پێکردنی گەل و بە هەند وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و پێشنیازەکانی هاووڵاتییان، تاوەکو ڕادەیەکی زۆر کاریگەری نەرێنی خستە سەر ئاستی بەشداری گشتی لەو پرۆسە دەستورییە . ئەمە لە کاتێکدا بەشداری لاوازی پێکهاتەی عەرەبی سوننە یەکێکی ترە لە خاڵە لاوازەکانی ئەو پرۆسە دەستورییەی کە لە عێراق لە کاتی داڕشتنی دەستوری ساڵی 2005 بەڕێوە چوو . بەڵآم لە گەڵ ئەوەشدا بە بەراورد لە گەڵ دەستورەکانی پێشوو، دەتوانین بڵێین پرۆسەی بنیادنانی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی 2005، بە گۆڕانێکی جۆری لە بواری دانانی دەستور لە ووڵآت دادەنرێت . هەر بۆیە وێڕای ئاستەنگەکانی ئەو کاتی بەردەم ئەو پرۆسەیە، تاوەکو ڕادەیەك توانراوە هەم لە ڕووی شێوازی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیە و هەم لە ڕووی ناوەڕۆك، ڕەچاوی بنەماکانی داڕشتنی دەستورێکی دیموکراتی بکرێت .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشنیاز

لە سەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەیە پێی گەیشتین و لە ڕوانگەی ئەکادیمی و بابەتییەوە، دەکرێت ئەم چەند پێشنیازەی خوارەوە بخەینە ڕوو :

1- پێویستە شێوازەکانی بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، بە تەنها کورت نەکرێتەوە بۆ دەنگدان لە سەر نوێنەرە دەستورییەکان یان دەنگدان لە کاتی ڕاپرسی لە سەر پرۆژەی دەستور، بەڵکو پێویستە بەشداری کردن و ڕاوێژە دەستورییەکان هەموو قۆناغەکانی پرۆسەکە هەر لە دەستپێك تاوەکو کۆتایی هێنان بە داڕشتنی پرۆژەی دەستورەکە و پەسەند کردنی دەستورەکە لە خۆ بگرێت

2- بۆ ئەوەی بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور، کاریگەری ئەرێنی لە کۆی پرۆسەکە و خودی بەڵگەنامەی دەستور هەبێت، نابێت تەنها دەربڕینی ڕاوبۆچوون لە بارەی بابەتە دەستورییەکان لە خۆ بگرێت، بەڵکو پێویستە ئەمە تێپەڕێنێت و دەرفەتی گفتوگۆی ئازاد لە بارەی بژاردە جیاوازەکان و خستنەڕووی چارەسەرە دەستورییەکان بە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ببەخشێت و بگاتە ئاستی کاریگەری خستنە سەر بڕیارەکان و ئاراستەکردنی بڕیارەکان، کە ئەمەش پێشوەختە پێویستی بە بوونی ئامادەیی سیاسی هەیە بۆ پەسەند کردنی بەشداری گەل لەو پرۆسەیە و مامەڵە کردنی ڕاستگۆیانە لە گەڵ ئەو ڕاوبۆچوون و پێشنیازانەی هاووڵاتییان پێشکەشی دەکەن .

3- وێڕای ئەوەی پرۆسەی بنیادنانی دەستور، پرۆسەیەکی نیشتمانییە و خودی بەڵگەنامەی دەستور موڵكێکی نیشتمانییە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بنیادنەرانی دەستور دەتوانن لە کاتی پرۆسەی داڕشتنی دەستور، بە ڕێگە خۆشکردن بۆ بەشداری نێودەوڵەتی لەو پرۆسەیە، بە دوور لە کەوتنە ژێر گوشار و بەرنامە و کاریگەرییەکانی ئەو لایەنە دەرەکییانە، بۆ سەرخستنی پرۆسەکە سوود لە توانا و شارەزایی و پاڵپشتی نێودەوڵەتی وەربگرن . ئەمە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێکدا، پێویستە خودی لایەنە دەرەکییەکانیش بەشداری کردنەکەیان بێ لایەنانە و بە دوور لە سەپاندنی هەندێك بەها و بنەما بە پێچەوانەی خواستە نیشتمانییەکان بێت .

4- وێڕای ئەوەی تێچووی پرۆسەی بەشداری و شەفافییەت بوەتە جێگەی ڕەخنە لێگرتن، بەلآم بە بۆچوونی ئێمە، بە بەراورد لە نێوان بڕی تێچووی ئەم پرۆسەیە و بڕی تێچووی ئەو جەنگانەی کە لە ئەنجامی ناکۆکییە نێوخۆییەکان لە دەوڵەتان ڕوو دەدەن، بۆمان دەردەکەوێت تێچووەکانی ئەوەی دووەم زۆر زیاترە . هەر بۆیە پێویستە بنیادنانی دەستور، وەك بەرزترین بەڵگەنامەی ڕاگەیەندراوی فەرمی بۆ جێگیرکردنی ئاشتی و تێپەڕاندنی قۆناغی ناکۆکی و ململانێ، لە پلەیەکی بەرزی بایەخ پێدان بێت و هیچ بیانوویەك نەتوانێت ڕێگری بکات لە بەشداری پێکردنە هەمە لایەنە و شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانەکەی .

5- پشت بەستن بە ڕێوشوێنەکانی شەفافییەت، پرەنسیپێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بنیادنانی دەستور . هەر بۆیە پێویستە لە کۆی پرۆسەی بنیادنانی دەستور، ڕەچاوی شەفافییەت لە کاروبارەکان و گفتوگۆکان و پێشقەچوونەکانی پەیوەست بە پرۆسەکە بکرێت و دانانی دەستورەکە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی شەفاف بەڕێوە بچێت .

6- بەشداری گشتی لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور پەیوەندییەکی قووڵی هەیە لە گەڵ شەفافییەت لە پرۆسەی دەستوری، بە جۆرێك بە بێ بوونی شەفافییەت، ناتوانرێت دەرفەتی بەشداری هەمە لایەنە لەو پرۆسەیە برەخسێنرێت . ئەمە لە کاتێکدا ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن ( هەر لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگە ئەلکترۆنییەکان تاوەکو ئەوانی دیکە ) باشترین هۆکارن بۆ بەدیهێنانی شەفافییەت لە پرۆسەی بنیادنانی دەستور . هەر بۆیە پێویستە لە پێناو شەفافییەتی پرۆسەی دەستوری پەنا ببرێتە بەر هەڵمەتی بەرفراوان و خستنەگەڕی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێویستە ئەو هەڵمەتەش سەرجەم بوارەکانی پرۆسەکە وەك ناوەڕۆکی خودی پڕۆژە دەستورییەکە و کارەکانی بنیادنەرەکانی پڕۆژە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستوورییەکە و هەروەها ڕێگاکان و شێوازەکانی بەشداری کردن لەو پڕۆسەیە لە خۆ بگرێت
.

7- پشت بەستن بەو بەرنامانەی کە بۆ بەرجەستەکردنی شەفافییەت لە پڕۆسەی دەستوری لە چوارچێوەی ڕێوشۆێنە فەرمییەکانی دانانی دەستورەکە دیاری دەکرێن، بە تەنها ناتوانێت وەك پێویست شەفافییەت لە پڕۆسەی دەستوری بە دی بهێنێت، هەر بۆیە پێویستە لە پالأ بەرنامە فەرمییەکان، دەرفەت بدرێت بە هەموو ئەو لایەن و بەرنامانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمی هەوڵی هێنانەکایەی شەفافییەت لە پڕۆسەی دەستوری دەدەن . وەکو پارتە سیاسییەکان ( بە تایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی دەستەی ڕاسپێردراون بۆ دانانی دەستور )، هەروەها پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك، کۆمەڵەکانی ژنان و کۆمەڵەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و ئەو کۆمەلآنەی کە پەیوەندیدارن بە مافی کەمینەکانی نەتەوەیی و ئایینی و سەندیکاکان و دەستە پیشەییەکانی وەك پارێزەران و کرێکاران و ئەوانی دیکە .

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم : پەرتووکەکان

1- د. سرهنك حميد البرزنجی، مقومات الدستور الديمقراگی و آليات المدافعه عنه، دراسه تحليليه نقديه مقارنه فی چوء المبادئ العامه للدساتير المعاصره، الگبعه الپانيه، منشورات زين الحقوقيه، بيروت، لبنان، 2019 .

2- د. سرهنگ حمید بەرزنجی، گشتگیر لە تیۆری دەستور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، 2019 .

3- د. عصام نعمه، النقام السياسی و الدستور اللبنانی، الگبعه الأولی، المؤسسه الحديپه للكتاب، بيروت، لبنان، 2018 .

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- د. محمد المجزوب، الوسيگ فى القانون الدستورى اللبنانى و أهم النقم السياسيه المعاصره فى العالم، الگبعه الخامسه، منشورات الحلبى الحقوقيه، بيروت، لبنان، 2018 .

5- د. منزر الشاوى، النقريه العامه للقانون الدستورى، الگبعه الأولى، دار ورد للنشر و التوزيع، 2007 .

6- د. مصدق عادل گالب، الصياغه الدستوريه، دار السنهورى، بيروت، لبنان، 2017 .

7- على فاچل الدفاعى، الدستور العراقى الدائم، المعهد العراقى لحوار الفكر، 2013 .

8- لقمان عمر حسين، مبدأ المشاركه فى الدوله الفدراليه، الگبعه الأولى، مگبعه الحاج هاشم، اربيل، كوردستان، 2008 .

9- ميشل براندت و آخرون، وچع الدستور و الإصلاح الدستورى، خيارات عمليه، مؤسسه انتربيس، لبنان، 2012 .

10- نبراس المعمورى، محنه الدستور و إشكاليات التعديل، الگبعه الأولى، العربى للنشر و التوزيع، القاهره، 2015 .

**دووەم : دەستورەکان**

1- دەستوری کۆماری ئەفریقیای باشور ساڵی 1996 .

2- دەستوری گانا ساڵی 1992 .

3- دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005 .

4- دەستوری تونس ساڵی 2014 .

**سێیەم : سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان**

1- الدروس المستفاده من سن الدساتير : العمليات القائمه على المشاركه الشعبيه واسعه، مؤكره إعلاميه، العدد 20، تشرين الپانى، 2011 . متاحه على العنوان الألكترونى :
http://democracy-reporting.org/wp-content/uploads/2016/02/bp_20_ar.pdf
بەرواری دوا سەردان 2019/3/21 .

2- العمليه الدستوريه فی العراق، تكوين رؤيه لمستقبل البلاد، تقرير خاص، رقم 132، شباگ 2006، معهد السلام الأميركی . متاح على العنوان الألكترونی :

https://www.usip.org/sites/default/files/sr132_arabic.pdf

بەرواری دوا سەردان 2019/3/26 .

3- د. نجم عبود مهدی، التگورات الدستوريه فی العراق 2003-2005، دراسه تحليله لواقع العراق السياسی و الدستوری بعد الاحتلال الأمريكی للعراق، الجامعه الأسمريه الإسلاميه . متاح على العنوان الألكترونی:

http://asmarya.edu.pdf بەرواری دوا سەردان 2019/3/27 .

4- صياغه مشروع الدستور، تجارب مقارنه و دروس مستفاده، ورقه نقاش من منشورات المؤسسه الدوليه للديمقراگيه و الانتخابات (سويد)، حزيران، 2013 . متاحه على العنوان الألكترونی :

https://www.idea.int/sites/default/files/publications/Drafting%20the%20Constitution%20Comparative%20Experiences%20and%20Lessons%20Learned-AR.pdf

بەرواری دوا سەردان 2019/3/22 .

5- عمليه صياغه الدستور فی تونس، تقرير صادر عن مركز كارتر ( The Carter Center )، 2011-2014 . متاح على الموقع الألكترونی :

https://www.cartercenter.org/resources/pdfs/news/peace_publications/democracy/tunisia-constitution-making-process-arabic.pdf

بەرواری دوا سەردان 2019/3/25.

6- نرجس گاهر، دنيا بن رمچان . صياغه مشروع الدستور، تجارب مقارنه و دروس مستفاده، ورقه نقاش اعدت فی إگار مشروع " دعم البناء الديمقراگی فی ليبيا "، منشورات المؤسسه الدوليه للديمقراگيه و الانتخابات، 2013 . متاحه على العنوان الألكترونی :

https://www.idea.int/sites/default/files/publications/Drafting%20the%20
Constitution%20Comparative%20Experiences%20and%20Lessons%20
Learned-AR.pdf بەرواری دوا سەردان 2019/3/23.

7- د . ياسمين فاروق أبو العينين و ناديه عبدالعقيم، المشاركه و بناء التوافق المجتمعى فى عمليه وچع الدستور، دروس مستفاده من التجارب الدوليه، تقرير صادر عن مركز العقد الاجتماعى ( مصر )، 2013 . متاح على العنوان الألكترونى :

http://constitutionnet.org/sites/default/files/participation_and_ consensus-building _community _in_the_constitution-making_process_. _ lessons _from _international_ experiences.pdf بەرواری دوا سەردان 2019/3/21 .

8- Jonathan Morrow, Iraq's Constitutional Process II, An Opportunity Lost, Special Report 155, United States Institute of Peace, November 2005 .
Available at : https://www.usip.org/sites/default/files/sr155.pdf
Last Visited : 23/3/2019 .

9- Vivien Hart . Democratic Constitution Making, United State Institute Of Peace, Special Report, N. 107, 2003.
Available at: https://www.usip.org/publications/2003/07/democratic-constitution-making
Last Visited: 20/3/2019.

10- Yash Ghai, The Role of Constitution in Assembli in Constitution Making, 2019 .
Available at: http://constitutionnet.org/sites/default/files/2017-08/the _role _ of_constituent _assemblies_-_final_yg_-_200606.pdf
Last Visited: 29/3/2019.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چوارەم : سایتە ئەلکترۆنییەکان**

1- https://ar.parliament.iq

2- https://www.constituteproject.org

**پێنجەم : سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

BOOKS

1- Dexon Rosalind and Ginsburg Tom , Comparative Constitution Law , Edward Elgar Cheltenham UK , 2011 .

2- John Paul Leaderach, Building Peace, Sustaiable Reconciliation In Divided Societie , United States Institute Of Peace Press, Washigton, 1997

**الملخص**

إن عملية بناء الدستور مرت بمراحل مختلفة، إذ ظهرت في بدايتها على شكل المنحة و بشكل إنفرادي من قبل الحكام بيد أنة و بمرور الزمن أصبحت هذة العملية نخبوية سياسية، إلى ان وصلت ذروتها و ذلك بأن يكون وضع الدستور جزءا" من التغييرات بأتجاة الديمقراطية و أصبح بناء الدستور جزءا" من عملية السلام في المجتمعات .

إن مبدأ المشاركة العامة و الشفافية شكلتا حجر الأساس في مجال بناء الدساتير، كونهما يضمنان نجاح العملية و التوازن بين وحدة الوطن و خصوصيات المكونات المتعددة و المتنوعة في المجتمعات .

إذ أصبحت لهذة العملية بعدين من حيث الأهمية، أحدهما البعد الوطني و الآخر البعد الدولي و المتمثل في مشاركة المجتمع الدولي في بناء الدساتير و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بخاصـــة فـــي بلـــدان مـــا بعـــد النـــزاع أو الخارجـــة مـــن النـــزاع و ةذة المشـــاركة الدوليـــة مـــا ةي إلا تجسيد لمبدأ المشاركة العامة و الشفافية في عملية بناء الدساتير الوطنية

## Abstract

The process of constitution-making went through several stages; as it was initially appeared in the form of grant solely by the rules. However, this process became political elitism over time, culminating in setting constitution being as part of the changes towards democracy, and constitution-making became part of the peace-building process within societies

The principle of public participation and transparency has formed a cornerstone in the area of constitution-making; as they guarantee the success of the process and the balance between the unity of the homeland and peculiarities of the multiple and the various components of societies

Thus, this process has two dimensions in terms of importance; one is a national dimension and the other is an international dimension, which is represented in the participation of the international community in the constitution-making process, especially in post-conflict states or the states that have just emerged from conflict. This international participation is just an embodiment of the principle of public participation and transparency in building national constitutions.